گەشتی راستەوخۆی فڕۆکەوانی نێوان شاری هەولێر و کوەیت دەستپێدەکات



ئومێد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر لە دیوانی پارێزگادا پێشوازی لهەیئەیەکی باڵیۆزی کوەیت لە عێراق و عوسمان داوود کونسوڵی گشتی کوەیت لە هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری کرد.

لە دیدارەکدا باسی لە گەیاندراوی پارێزگای هەولێر، هەردوولا جەختیان لە بەهێزکردنی پەیوەندییەکان و بڕەودان بە هەماهەنگییەکان لەگشت سێکتەرە جیاوازەکان کردەوە و سەرەتا پارێزگاری هەولێر ئاماژەی بە مژووی پەیوەندییە سیاسیی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی نێوان کوەیت و هەرێمی کوردستان کرد و رایگەیاند، پەیوەندییەکان لەسەر کڵی ئاستەکانیی نێوان هەولێر و کوەیت پەیوەندیی دێرین و لەمژینەن، هەردوو گەلی کوەیت و کورد لەلایەن رژێمی لەناوچووی بەعس دووچاری ستەم و کۆمەکوژیی و لەناوچوون بوونەتەوە.

ئومێد خۆشناو دڵشاد: خەبات و بەرخوودانی هەردوو گەل بە ئاراستەی کتایبهنان بەو ستەمە بوو، لە کتادا هەردوو گەل بە سەربەرزی مانەوە و ستەمکاران کتایان هات.

هەروەها پارێزگاری هەولێر راشیگەیاند، لە کتایبەکانی سەدەی رابردووە وە تاکو ئستا

هاووڵاتیانی کوەیت بۆ گەشتکردن رووبان لە ناوچە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان بەتایبەت هەولێر کردووە، هەمیشە بە رێزەوە پێشوازیکراون.

پارێزگای هەولێر لێدوای ئەم کۆبوونەوەیە ڕایگەیاند، بەم نزیکانە گەشتی راستەوخۆی نێوان هەولێر و کوەیت دەستپێدەکات.